# "هەندێک هەبوون سەدامیان ماچدەکردو بارزانییەکیان بە بزنو مەڕێک دەگۆڕییەوە"

**عەبدولمسەور بارزانی سەرۆکی لیستی بزووتنەوەی چاکسازیی کوردستان لەم گفتوگۆیەدا وەڵامی هەندێک پرسیاری (لڤین) لەبارەی لیستەکەیان و بۆچوونی ئەوان لەسەر هەڵبژاردنی کوردستان دەداتەوە.**

لڤین: گفتوگۆی رەوەند کەریم



سەرۆکی (بزووتنەوەی چاکسازیی کوردستان) ئەوە رەتدەکاتەوە کە ئەوان بێهەڵوێست بووبنو لە رووی نەتەوەییەوە، کەمتەرخەم بووبن.

د. عەبدولمسەور بارزانی کە ئامۆزای مەسعود بارزانیی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە، بە (لڤین)ی راگەیاند «لەدوای ساڵی (١٩٩١)یش، ئەو کاتەی هەندێک سەدامیان ماچ دەکردو نرخی بارزانییەکی بە بزن و مەڕێک دەگۆڕییەوە، ئێمە بووین جەختمان لەوە دەکردەوە کە دەبێت تاوانباران بچنە دادگا.»

ئەو دەڵێت «هەڵەی ئێمە نەبوو بارزانییەکان لە قوشتەپە لە بەرواری (١٩٨٣/٧/٣١) تووشی کارەسات هاتن، کە هەزاران بارزانی لەلایەن دەسەڵاتی بەعسەوە گیران و بێسەروشوێن کران.»

سەبارەت بەو رووداوە زیاتر دواو وتی «کە رووشیدا، ئێمە لەوانە بووین کە بەپێی ئەو توانایەی کە لەبەردەستدا بووە، هیچ درێغییەکمان نەکرد بۆ ئەوەی پشتیوانییان لێبکرێت.»

ماوەیەک بەر لە ئێستا عەبدولمسەور بارزانی سەردانی ناوچەکانی بارزان و دەوروبەری کردو لەگەڵ هەندێک خەڵکی ئەو دەڤەرەدا کۆبووەوە بە مەبەستی ناساندنی لیستەکەی بە جەماوەرەکەی. بەڵام دواتر لە میدیاکانەوە ئەوەی وت کە لەلایەن پارتییەوە هەڕەشەی لێکراوەو پێیانوتووە بەرپرسیارێتیی پاراستنی ژیانی ناگرنە ئەستۆ.

دووپاتیکردەوە کە هەڕەشەی جیدییان لێکراوەو مەترسی لەسەر

ژیانیان دروست بووە.

ئەو وتی «پارتی دیموکراتی کوردستان کە مێژوویەکی دێرینی هەیە، لە ئاستی دیموکراسیدا ڕەنگدانەوەیەکی وای نەبووە، هیواداریین لەمەودوا بەپێی ناوەکەی خۆی ڕەفتار بکات یان لوتف بفەرموێت ناوەکەی بگۆڕێت.»

لە هەڵبژاردنەکانی پێشووی شارەوانییەکاندا لە سنووری دەسەڵاتی پارتی، عەبدولسەلام بارزانی کە برای د. عەبدولمسەورە، بە لیستێکی سەربەخۆ بەشداریی کردو توانیی شارەوانییەکانی بارزان و بلەو چەند ناوچەیەکی دیکە بباتەوە.

لەوبارەیەوە عەبدولمسەور دەڵێت «لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا لەو کاتەی هەڕەشەو لێدان بەکارهاتو بەرتیل دابەشکرا. بەڵام ئەنجامەکەی وابوو لە خودی بارزانو لە بلە کە گەورەترین شارۆچکەیەو لە چەند ناوچەیەکی دیکەش، لیستێکی سەربەخۆ بردییەوە.»

هەروەها ئەوەش دەڵێت «ئەمە شکستێکی تا بڵێیت گەورە بوو بۆ پارتی، لە شوێنەکانی وەکو مێرگەسۆرو چەند ناوچەیەکی دیکەش هەڵبژاردن نەکرا، چونکە بەو شێوەیە نەبوو کە چاوەڕێیان دەکرد، دەرنەچوو و بەو هەموو توانایەوە سەرکەوتنی بەدەستنەهێنا.»

دواتر وەڵامی وتارێکی ڕۆژنامەی (خەبات) دەداتەوە کە تێیدا باس لەوە کرابوو د. عەبدولمسەور بارزانی «کوردبوونو بارزانیبوون»ی فرۆشتووە.

ئەو وتی «لە ژمارە (٣٠٦٤)ی ڕۆژنامەی خەبات لە بەرواری (٢٠٠٩/٥/٥)، عەبدولموهەیمەن وتارێکی دژی من بڵاوکردووەتەوە کە گوایە عەبدولمسەور لەو ئاستەدا نییە سەرکردایەتیی پارتی هەڕەشەی لێبکات. ئێمە دووپاتی دەکەینەوە هەڕەشە کراوە. مادام کراوە، وادیارە عەبدولمسەور لەو ئاستەدایە.»

عەبدولمسەور بە بڕوابەخۆبوونەوە باس لە ڕابردووی خۆیانو ئەو کەسانە دەکات کە ئێستا لە دەوربەری ئەون.



## هیواداریین پارتی لەمەودوا بەپێی ناوەکەی خۆی ڕەفتاربکات، یاخود لوتف بفەرموێت ناوەکەی بگۆڕێت

«بەنیسبەت ئێمەوە، چ لە بارزانو چ لە ناوچەکانی دیکەش، مێژی گەورەمان ڕابردوو پاکەکەمانە، کە خەڵکانێک هەن هەوڵدەدەن ئەم ڕابردووە بە شێوەیەکی ناڕاست و دروست بڵاویکەنەوە. بەڵام ئێمە بڕوای تەواومان بەوە هەیە کە خەڵک بەئاسانی بە هەڵەدا ناچێت.»

وتیشی «بەم کابرایە دەڵێم سوپاس بۆ خوا کە پێگەی ئێمە لە ڕێگەی کوشتنی ئەسیری دەست و پێبەسراوەوە نییەو لە هەولێریش بە من ناڵێن حەرامیی ئەربیل. ئیتر ئەمە بەسە خەڵک من بناسێت و تۆ بناسێت.»

ئامۆزاکەی سەرۆکی هەرێم ئەوەی خستەڕوو کە لە کاتی زۆر هەستیاردا ئەوان بوون کە کاریان لەسەر کەیسی ئەنفال کردووەو ویستوویانە ئەنجامدەرانی بدرێنە دادگا. وەک خۆیشی وتی «ئەو کاتە هەڕەشەیان دەکرد کە نابێت ناوی بەرزان تکریتی و سەدام حسێن بهێنرێت لە بابەتی بارزانییەکاندا، خەڵکانی تر هەبوون خەریکی تەقیکردنی بەرزان بوون. بارزانییەکان هەموویان ئەم ڕاستییە دەزانن، هیوادارم ڕەنگدانەوەی لەسەر هەڵبژاردن لە بارزان هەبێت.»

لەبارەی شێوازی دابەشبوونی بارزانییەکانو چاوەڕوانییەکانی لیستی (بزووتنەوەی چاکسازیی کوردستان)ەوە، وتی «پاش ئاشبەتاڵەکەی (١٩٧٥)، بارزانییەکان خەڵکێکی زۆریان نەیانتوانیوە بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان و پەرتەوازەن. ئێستاش هەندێکیان لە هەولێرو دەوروبەرینو هەندێکی دیکەیان لە باتاس و دیانەنو هەندێکی دیکەشیان دەرکراونو لە سلێمانین.

لێرەدا دەبینین لە دۆخی جیاواز جیاوازدا دەژین و هیوامان وایە کە لە ڕۆژی هەڵبژاردندا ئازادییەکی تەواویان لەبەردەستدا بێتو لە هەر شوێنێکن، ڕای خۆیان ئازادانە بدەنو بۆچوونەکانیان جێگەی ڕێزە لەلای ئێمە.»

دەربارەی کارنامەی خۆیان بۆ هەڵبژاردنەکانو ئەو بوارانەی کە دەیانەوێت چاکسازیی تێدا بکەن. وتی «ئەجێنداکەمان سادەیە، کورتە. بەڵام تا دوای (٥/٢٣) کە کاتی دەستپێکردنی هەڵمەتەکەیە، خاڵەکانی دەخەینە بەرچاوو باسی دەکەین.»

لە کۆتاییدا عەبدولمسەور بارزانی داوایکرد دەسەڵاتدارنی کوردو میللەتی کورد هەوڵو کۆششەکانیان لەپێناو سەرپێخستنی زیاتر دیموکراتیدا بێتو وتی «دونیا هەموو حەزدەکات میللەتانی ژێردەست ڕزگار ببن. بۆ ئەوەی پشتگیریی ئەوان بەدەستبهێنین، پێویستە لە ناوخۆماندا دیموکراسییانە هەستینو دابنیشین، ئەگەرنا پشتگیریی دەرەوە بەبێ دیموکراسی، وەکو خەونێک وایە.»